هەڤپەیڤین لەگەڵ

# ماموستا عەزیز نێعمەتی

بەرپرسیاری کاروباری ناڤەندی **پەنا کورد** لە ڕۆژهەلاتی کوردستان

**ئامادەکردنی**: عێزەت موقتەدر

**بارودۆخی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟**

پرسیارەکە نەختێ بەربڵاو و ئاڵۆزە، چونکە ئەدەبیات بریتیە لە مێژووی ئەدەبی، تیئۆری، ڕەخنەی ئەدەبی، شێعر، ڕۆمان، چیرۆک و...هتد. ئەگەر بمانەوێ باسی ئەو گشتە بابەتانە بکەین دەبێ خۆمان تەیاری نووسینی چەند کتێب بکەین، بەڵام ڕێگام بدەن لە وەڵامی ئەم پرسیارە دا جارێ لە سەرەتایترین ژانرێکی ئەدەبی کوردی واتە شێعر بدوێن چونکە شێعر تا بەئیمڕو زۆرتر لای نووسەرانی کوردەوە لەبرەودابووە.

هەروەک دەزانین شێعری نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاش مامۆستا هێمن و هەژارەوە بەسەرهاتێکی شیاوی سەرنجی هەیە. هێمن و هەژار شوێنێکی کاریگەریان لە سەر هزر و بیری ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕی بەرەی خۆیان داناوە و ئەم کاریگەریە بەڕادەیەک گورج و گۆڵ بووە کە شوین دانانەکەی هەتا ئێستاش هەر وا دیارە.

ئەوەی کە بۆچی ئەم دوو شاعیرە بەو ڕادەیە لای خەڵک خۆشەویست بوونە و لە کەسانی هاوتەمەن و بە توانای سەردەمی خۆیان بۆ وێنە ئاوات و نووری و سەید کامیل و حەقیقی و... هتد وەپێش کەوتوون دەگەڕێتە وەسەر چەندین هۆ. سەرەتا پێویستە بڵێم لەم دوو شاعیرە، هێمن بەتایبەتی لە نێو شاعیرانی سردەمی خۆیدا شاعیرێکی داهێنەر و خوڵقێنەرتر بووە و بەهیچ کلووجێنکۆڵیشی لێناکرێ. بەڵام سەرە رای ئەوە گرینگترین هۆکاری خۆشناوەتی ئەوان ئەوە بووە کە شاعیرانی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی تایبەت

بوونە. لە سەردەمی ئەوان دا شێعر، دەشیا بە پەیف و ئاهەنگێکی دڵبزوێن ببێتە سروودی سەر زمانی خەڵک بە گشتی، و بەم چەشنە شێعر دەیتوانی هاندەر و سەرمەشقی خەباتی نەتەوەیی بێ. بەم جۆرە ئەوان لە لایەن نەمر قازی محەممەدەوە بە شاعیرانی نەتەوەیی ناودێر کرابوون. لە لایەکی ترەوە ئەوان ویست و داخوازەکانی نەتەوەیی گەلی کوردیان بە زمانێکی رەسەن و پاراو دەردەبڕی و هونەرەکەیان رەنگ دانەوەی خۆشی و ناخۆشییەکانی کۆمەڵگای خۆیان بوو. بەڵام بەچەند هۆی ترەوە پاش ئەوان ئەم رێگایە زۆر درێژەی پێنەدرا، یەکەم ئەوەی کە ئەم شێوە زمانە تا ڕادەیەک کارکردی خۆی لە دەست دابوو، یا بە واتەیەکی تر پێوانەی ئەم چەشنە زمانە لە لایەن ئەو دوو شاعیرە لیپاو لیپ ببوو و ئەگەر کەسانی تر ئەم کارەیان کردبا کارەکەیان دەبوویە شتێکی دووپاتە و ڕەنگە بەرادەی ئەوانیش سەرکەوتوو نەبوونایە. شتەکە بەم شێوەیە تەواوی دەکەم:

ئەوەی یەکەمجار کوڵمەی یار بە گوڵ دەشبێنێ بەڕاستی شاعیرە. ئەوەی جاری دووهەم ئەم کارە دەکاتەوە نەک هەر شاعیر نیە بەڵکوو بێ هزر و بیریشە. بەڵام ئەو شێعرە کوردیەی کە ئێستا لە نێو گەنجەکان دا بە نێوی شێعری ئازاد باوە یەکەم جار لە کورستانی ئێران دا هەم لە باری فۆڕمەوە و هەم لە باری ناوەرۆکەوە لە لایەن سوارە نۆی کرایەوە. کەواتە دەبووا شاعیرانی بەرەی نۆێ بە شوێن شتێکی تر لە شێعردا بگەڕێن. ئەویش بوێری و وریایەکی فرەی گەرەک بوو. بەشێک لە شاعیران وەک چاوە شێخولئیسلامی و عەلی حەسەنیانی وەشوین سوارە کەوتن، تاقمێکیش لەژێر کاریگەری شێعری فارسی و کوردستانی عێراق دا خەرێکی ئەزموونی شێعری بوون. بۆ وێنە کەسانی وەک مەلەکشا و ئەرشەدی و... هتد. ئەم شاعیرانە بە باشی خەریکی ئەزموونێکی نوێ بوون. هەرچەند کاریگەری ئەدەبی بەرگری پێش خۆیان لە ئێران و عێراق دا بە سەریانەوە بوو بەڵام هەر ئەمە بوویە هۆی ئەوە کە ئەوان لە بواری فۆرم و زمانەوە لە چوارچێوەی تایبەت بە خۆیان دا بمێننەوە. بەتایبەت جەلال مەلەکشا کە تەک ئەو هەموو

ڕێز و حورمەتەی لای من هەیەتی دەبێ بڵـێم کە لە گۆڕانکاری شێعری ئێمڕۆی کوردی ڕۆژهەڵات دا غایبەکی بەرچاوە. ئەگەر جەلال تووشی گێروگرفتی تاکەکەسی خۆی نەبووایە دەشی بۆ بەرەی نوێی شێعری ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشەنگێکی فرە مەزنتر لە ئێستا بێ، چونکە جەلال شارەزایەکی ئێجگار زۆری لە سەر شێعر هەیە و من وەک کەسێک کە لە نزیکەوە تەنانەت جاروبارە لە تەک خۆیدا شێعرەکانیم خوێندوتەوە، لام وایە جەلال بۆی هەیە ئەدەبی خۆی چڕوپرتر بکا ئەزموونەکانی جەلال نابێ لە چوارچێوەی بۆچوونێکی بەربەست دا بمرێنێتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوانە دا هێندێ شاعیریتر شێعریان هۆنیوەتەوە کە ئەوانیش بە هۆی کەم ئەزموونی و گەنج بوونی ئەزموونەکەیانەوە لە ژێر کارتێکەری شاعیرانی کوردستانی عێراق و بەتایبەتی پەشێو و لەتیف هەڵمەت دا شێعریان هۆنیوەتەوە. بەڵام ئەم شاعیرانە چون نەدەشیان لە باری پێکهاتەی شێعرییەوە خۆ لە قەرەی ئەو شاعیرە بەتوانایانە بدەن ، هەر لە ئاستی مانا دا شوێنیان لێوەردەگرتن و لاسایییەکانیان زۆر رووکەشانە بوو. ئەوانە بێگرنگی دان بە ئاستی هونەری و زمان و پێکهاتەی شێعر، تەنیا ڕوویان لە هێندێ بابەتی کۆمەڵایەتی و بڕی لە بایەخە کۆمەڵایەتیەکانی جیهانی وەک ئازادی و مافی ژن و شتیتر هەڵـێنا. بەم چەشنە ئەو مانایانە لە جیاتی ئەوە لە شێعریاندا ناوەکی بن تەنیا وەک دروشم مانەوە و ئەم دروشمانەش ئاستی شێعری ئەوانی نزمتر کرد. بەداخەوە ئێستاش هەر کە باسی هێندێ لەم شاعیرانە دەیێتە گۆڕێ ئەوان لە قەبارەی زۆرترەوە دەنرخێندرێن، بێ ئەوەی رەخنەیەکی راستەقینەیان لە سەر بکرێ. بەداخەوە پێشڕەوانی ئەدەبی ئێمە گەلێک جار تابۆمان بۆ ساز دەکەن. لە هیچەوە بوتمان لێ دادەتاشن کە لە دوا ڕۆژ دا هیچ ئیبراهیمێک وزەی تێکشکاندنی ئەم بوتانەی نابێ. دیارە ئەرکی هەموو لایەکمانە ڕێزی ئەو کەسانە بگرین کە خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی دەکەن، بەڵام رەنگە ئەوان خۆشیان رازی بەمە نەبن کە ئێمە تییۆری هەڵەیان بۆ بنووسین. قەت هەستتان بەمە کردووەکە هێندێک مانا بوونەتە ئامرازی خۆ بە خەڵک ناساندن.

کەواتە دەبێ بڵێم ئێستا لە هێندێک شوێنی کوردستان دا گەڵێ جار مانا گەلی وەک ئازادی، مافی مرۆڤ و.... هتد بە شێوەی پۆپۆلیستی و بە بێ تکنیکی هونەری لە شێعری ئێمەدا بەکار دەبرێن، هۆیەکەشی ئەوەیە کە برێک لە شاعیران بێ ئەوە ئاگاداریەکی تێر و تەسەلیان لە بواری شێعر دا هەبێ دەست بە نووسین دەکەن و دەشزانن کە خەڵکی ئێمە تێنووی چ بابەتگەلێکن. باشە هەموو کەس بایەخی ئەم بابەتانە دەزانن، شاعیر دەبێ ئەوە بە باشی بزانێ کە کاری ئەو وێژەری نیە، ئامۆژیاری نیە، دروشم نادا، شێعر تکنیکی تایبەت بە خۆی هەیە و شاعێر هەر چەند زۆرتر ئەم واتایانە بە تکنیکەوە لە شێعرەکانی دا بەکار بێنێ ئەوەندە سەرکەوتووتر دەبێ و شێعرەکەشی بایەخی نرخاندنی فرەتر دەبێ.

**ئایا ئێستاش لاوان روو دەکەنە شێعر و نووسینی چیرۆک و بەها ئەدەبیەکان هەر بایەخەکانی کۆمەڵگایە؟**

بەڵێ، بەخۆشیەوە ئێستا گەنجەکان زۆرتر لە هەر کاتێک روودەکەنە هۆنینەوەی شێعر و چیرۆک نووسی و تەنانەت رەخنەی ئەدەبیش هێور هێور لە ناویاندا جێی خۆی دەکاتەوە. بەڵام بەشوێن ئەوانەیدا کە باسیان لێکرا، نەوەی نوێی شێعری کوردی لە دوو بەستێن دا خەریکی چالاکین. تاقمێک لە گەنجەکان بە گەیشتن بەم راستیە کە شێعر وەک دەقێکی هونەری و ژانرێیەکی سەربەخۆی ئەدەبی تەنیا لە ماکەیەک پێک ناهاتووە، بەڵکوو شێعر کۆمەڵێک تکنیکە بۆ دەربڕینی واتا جیاوازەکان و لە نێو واتا فرە ڕەنگ و بێئەژمارەکان، بۆ وێنە تەنیا یەکێکیان ئازادیە، و گەڵێک واتای تریش هەن کە بەبێ ئەوان رەنگە ئازادی هەر چارەسەر نەبێ، وەک واتەی عەداڵەت، یاسا، خەبات، زوڵم و زۆری، شەر و توندوتیژی و ئایین و ئوستوورەکان و... هتد شێعر دەنووسن. ئەگەر ئەم واتایانە بەتکنیکەوە لە شێعر دا تەقەت نەکرێن و فۆرم، زمان و وێنەی تایبەتیان بۆ نەدۆزرێتەوە ئەوکات دەقەکە لەگەڵ دروشمی خەڵکی رەشۆکی هیچ جیاوازی نابێ و لە

هەرێمی پاک و دژوار و پیرۆزی شیعر دا جێی نابێتەوە. دیارە نابێ ئەمە لە بیربکەین کە زمان و وێنەکان نابێ ئەوەندەش تاکەکەسی بن کە جگە لە شاعیر کەسی‌تر لێی حاڵی نەبێ و نەزانێ مەبەستی چیە. گەلـێک جار شاعێر خۆی لە شیعرەکەی ناگا کە ئەمەش شتێکی رەوایە لە شیعردا. با من هێندێک لە شاعیرانی رۆژهەڵاتی کوردستان ناو ببەم کە بەراستی بەناسینی ئەدەبی پێشینیانی خۆیان و ئاگاداریەکی تێروتەسەل لە بوارەی ئەدەبی نوێی جیهانی دا، هەر وەها بە ئاگاداربوون لە گیروگرفتەکانی بەردەم مرۆڤی ئیمڕۆ شیعر دەهۆننەوە. شاعیرانی وەک یونس رەزایی و ساڵەح سووزەنی لە شیعری رەسەن و راستەقینە دەگەن و کەمتر خۆیان لەم بوارانە دەدەن کە لانی کەم بەشێک لە خەڵک پێیدەڵـێن هەڵفریواندنی بەردەنگ و تەنانەت چێژی هونەری.من دان بەوە دادێنم کە شیعری یونس رەزایی لە باری تکنیکە پێویستەکانی هونەری بەواتای شیعری ئازاد دەوڵەمەندە.

شیعرەکانی یونس هەم لە باری واتا، هەم لە باری فۆڕم، هەم لەباری زمانەوە شیاوی نرخاندنن. سەرەڕای ئەم، یونس لە گرینگترین تکنیکی شیعر مەبەست دەنگ و مانا و مۆسیق، بە شێوەیەکی هونەرمەندانە کەڵک وەردەگرێ. رەنگە کەسانی‌تر هەبن کە زۆر شارەزایانە شیعر دەهۆننەوە و کارەکەێان بایەخی ئەوەیان هەیە بخرێنە ژێر لێکۆڵینەوە. هەڵبەت کەسانێکیش هەن کە هەروەک ئاماژەم پێکردن بە شێوەی دێمی شیعر دەهۆننەوە. ئەم بەڕێزانە نەتەنیا زولم لە بەرهەمەکەی خۆیان دەکەن و تەمەنێکی کەمی پێدەبەخشن، بەڵکوو بەگشتی لە درێژەی رەوتێکدا کاردەکەن کە تاقیکاریەکەی خۆی تێپەڕاندووە و ئەوان تەنیا وەک لاسایی کەرەوەی ناشیاو دەناسرێن. ئەوانە کاتێک باسی ئازادی و خاک و خەڵک دەکەن ئەلـێی باسی بێوەژن یا پیاوێکی ژن مردوو دەکەن کە بە زەماوەندێک هەموو گیروگرفتەکانیان چارەسەر دەکرێ.

**هەتا چەند لاوان کەلک لە پێشەنگە ئەدەبی و هونەرییەکانی خۆیان وەردەگرن و ئایا شوێنگەل و خولگەلێ بۆ ڕاهێنانی لاوان هەیە؟**

بەبڕوای گەلێک لە خاوەن ڕایان، شێعر و ئەدەبی ئێمڕۆ شتێکی فرە رەهەندەیە، شاعیری ئێمڕۆ دەبێ مرۆڤێکی بیرمەندبێ. ئەو دەبێ لە ئاستە جیاوازەکانەوە بڕوانێتە ژیان و بەروانینێکی فرە قووڵەوە گرینگی بە بایەخە ئینسانیەکان بدا و لە شێعردا بیانخاتە بەرباس، بەڵام لە لایەکی ترەوە ئاستە قووڵەکانی ژیان و هەبوونێکی ئاڵۆز بە ناوی مرۆڤ پێویستی زمانێکی هونەرین کە بە پانتایی ژیان بەرین و بە ئاڵۆزی مرۆڤ ئاڵۆزە و لە زمانی رۆژانەی خەڵک جیاوازە. بەم شرۆڤەیە دەتوانم وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە. بەڵێ زۆربەی گەنجانی شاعیر گەرەکیانە کەڵک لە پێشەنگە ئەدەبیەکان وەربگرن، بەڵام زۆربەیان لە جیاتی ئەوە بچنە ناخی شوێنەواری پێشەنگە ئەدەبیەکان، تەنیا بەلاسایی کردنەوەیەکی سەرسەرەکی دەیانەوێ بە شێوەی ئەوانەوە شێعر بەۆننەوە بەبێئەوەی بزانن کە لە هونەردا شوێن وەرگرتن رەوایە، بەڵام دەمڕاسکی بە توندی قەدەغەیە. بێشک ئەمکارەی لاوان و گەنجان لە هۆگەلێکی فرەوە سەرچاوە دەگرێ. یەکەم ئەوەی کە ئەوان متمانەیان بەبوونی خۆیان وەک شاعیر لە بەستێنی ئەدبیات دا نیە، هەر بۆیەشە زاتی ئەوەیان نیە خۆ بنوێنن. دووهەم ئەوەیە کە هێندێ لە لاوانی شاعیر ئاگاداریان بەسەر ئەم راستەقینەیەدا نیە کە بڕیار وایە ببنە دەستپێکی داهێنانێکی نوی و سێهەم رەنگە ئەم گۆمانەشیان بێ کە خوڵقاندنی وتارێکی نوێ ببێتە هۆی ئەمە کە ئەوان بیانەوێ و نەیانەوێ پاگیری تێکشکاندنی داب و نەریتە کۆنەکانن و ئەم بابەتەش دەبێتە هۆی ئەوە کە کۆمەڵگا پێش هەموو شتێک نەتەنیا ئەوان وەرناگرێ بەڵکوو لە خۆیان دوور دەخاتەوە و وەک غەوارەیەک لێیان ورد دەبێتەوە.

لاوانی شاعیر دەبێ ئەمەش تێبگەن لە کۆمەڵگایەکی کە لە زۆر مێژەوە لەگەڵ داب و نەریتە کۆنەکاندا ژیاوە داهێنانی بابەتگەلی نوێ بۆ خەڵکەکەی وەک شتگەلی سەیر و سەمەرە خۆ دەنوێنن. یەکێ لە خوو و خدە

هەرە ناشازەکان ئەوەیەکە شاعیرێ گەرەکیە شتێک بنووسێ خەڵک چەپلەی بۆ لێدەن و وڕای بۆ بکێشن کە ئەمە خوو و خدەیەکی یەجگار ناحەزەکە هەم کۆمەڵگا و هەمیش ەێندێ لە شاعیران ەۆگری بوونە.

شاعیری لاو و نوێخواز و بیرمەند هیچ دەرەتانێکی بۆزیە و ناعیلاج دەبێ ەێرش بکاتە سەر ئەم داب و نەریتانە وتێکیان بشکێنێ. بەبێ لە بەرچاوەگرتنی فۆڕم و یاساکونەکان فۆڕمێکی نوێ بخوڵقێنێ. دیارە ناسینی چوار چێوەکان، یاساکان، ناوەرۆک، بیچم و شێوەکۆنەکان دەتوانی دەستاوێزێکی باشبێ بۆ وەدەستەێنانی ئەزموون. بەڵام ئەگەر کەسێ بخوازێ جارێکیتر دەکاریان بێنێ پێویستی بە بنەما و دەربڕینێکی نوێ وشیاوی سەر دەمی خۆیەتی.داەێنەری بەواتای خوڵقاندنی نوێ و دوور لە شتگەلە کۆنەکانە.

چوارەم ئەوەی کە لاوانی شاعیر گەلێ وردتر لە ئامرازگەلی بابەتە خوڵقاوەکەی خۆیان ورد ببنەوە و هەڵیبژێرن و بە وشیاری و شارەزاییەکی قووڵەوە بۆ دەربڕینی سووژەکانی ژیانی خۆیان کەڵکیان لێوەربگرن. دنیای شاعیرێکی راستەقینە سنووری بۆ نیە و زمانەکەی لە بن نایە، روانگەکەی لە بڕان نەهاتوویە و بۆ دەربڕینی ئەم تایبەتمەندییە تاکەکەسییە زمانێک پێویستە کە بەکارێ دەربڕی ئەم قووڵایی و پان و پۆڕییە بێ. چ شتێ دەشێ دەربڕی ئەم گشتە راز و رەمزە بێ جگە لە فۆڕم و زمانی چەند لایەنە و توێ توێ کە لە هەر توێیەکەوە رەمزێک دەردەبڕێ و لە هەر توێیەکی واتایەکی لێدەکە وێتەوە.

بێ هیچ زێدەوێژییەک دەبێ بڵێم کە لە شێعری کوردیدا شاعیر گەلێکی مەزن هەبوونە و ئێستاش هەن کە دەروەستی ئەم کارە هاتوون. وەک شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵا پەشێو، رەفیق سابیر، لەتیف هەڵمەت و دیتران کە ئەگەر کوو سەروە بەرەی پێشترن بەڵام شێعرەکانیان بنەماشکێن و کارەکانیان داەێنەری دنیای نوێن. بەم ەۆیەشەوە ئەم شاعیرانە دەکارن هەروا جیهانی بمێننەوە. بەڵام شاعیرێکی لاوی کورد هەتا ئەو رادەیە کە

شێعر بەباشی نەناسێ دەتوانێ لە شاعێرە بەرزەکان کەڵک وەربگرێ بەڵام بەدوای ئەوە دا بۆی نیە دمەلاسکی بکاتەوە. دەبێ بۆ خۆی بێ و ئەو دنیایەی کە حەزی لێیەتی بیخولقێنێ. دیارە هەر وەک وترا شوێن وەرگرتن چ قەیدی نیە بەڵام دمەلاسکێ قەت بۆی نیە.

بەداخەوە لە نێو گەنجانی شاعیری ئەم دیوەی سنوور هەن کەسانێکی کە گەرەکیان خۆ لە قەرەی مەزنەکان بدەن. بەڵام بەم کارەشیان هەم خۆیان ون کردووە و هەم شێعر و هەمیش ئەم مەزنانە. لە راستی دا ئەمانە لە جیاتی ئەوە شوێن پێی خۆیان بدۆزنەوە هەتا بکارن لە سەر پێی خۆیان راوەستن، تەنیا لە هەولی ئەوەدان کوێر کوێرانە دمەلاسکێی دیتران بکەنەوە کە بەلای منەوە بەمکارەیان ئابڕووی هونەریش دەخەنە ژێر پرسیارەوە.

**بەهۆی ئەوە کە جەنابت بەرپرسی ناوەندی پێنی رۆژهەڵاتی ئایا ئەدەب لە رۆژهەڵاتی کوردستان لای لاوان نەبۆتە قوربانی هونەری رۆژانە؟**

بەڕێز، لام وایە وەڵامی ئەم پرسیارەتان بە پێداچوونەوە بە وەڵامی پرسیارەکانی پێشوودا بدۆزنەوە. هەقەم پێبدەن پرسیار بکەم مەبەستتان لە هونەری رۆژانە چیە؟ هیچ هونەرێک نیە رۆژانە نەبێ، بە مەرجێکی کە هونەرمەندان بە وشیاریەکی قووڵەوە لە دۆزگەلی رۆژانە ورد ببنەوە. وەرن با لە خۆمان بپرسین کە ئێمە مانای ژیان تا چ رادەیەک دەناسین. هەر لەو ژیانە تاکەکەسیەی خۆمان ورد بینەوە و بزانین تا چ رادەیەک شارەزایمان بەسەریدا هەیە. ژیانی رۆژانە، شتێکی کە هەر دوو سەرەکەی لە دایک بوون و مەرگە. ئەم دێرە کورتە لە دنیای ناشارەزایی و دڵەخورپێ دا هەروا سەر بە مۆر ماوەتەوە، کەواتە بۆ ئەو کەسانەی کە بەسانایی لە ژیان دەڕوانن هیچ گرفتێک و پرسیارێکی لەم بابەتەوە لە ئارادانیە. ئەمە راستە کە بەرچاوترین راستەقینەکانی ژیان بریتین لە پێنج خاڵی وەک: لە دایک بوون، خەو و خۆراک ئەوین و مەرگ و رەنگە لەگەڵ ئەوانە هزاران شتیتریش هەبێ. بەڵام دوو هۆی یەکەم و دوایین سەیرتر لە هەموویانن سەیر بوونی ئەوانە لەم

بابەتەوەیە کە هەر لەو کاتەوە کە ئەزموونن، ئەزموونیش نین. ئێمە جگە لە بەهۆی ڕاپۆرتەوە شتێکی ئەوتۆ لە بابەت ئەوانەوە نازانین و جگە لە شک و گومان هیچ بیرەوەرییەکیشمان لێیان نییە. بەم پێیەوە نابێ دۆزگەلی ڕۆژانە بەکەم هەڵگرین، لە ئاکام دا دەکرێ بڵەین شێعریش وتەیەکە لەو وتانەی ڕۆژانە و دیاردەیەک لە ژیانی ڕۆژانەمان، بەڵام لە لایەنی بابەتەوە دەبێ لە ڕوانگەیەکی بیرمەندانە و قووڵ و مانا دار و دەربڕی دۆزگەلی ڕۆژانەبێ. بەڵام ئەگەر مەبەستتان ئەوەیە کە ئامراز گەلی کایەکردن و خۆ حاواندنەوە لە هونەر دروست بکەین و زۆر ساکار لێیان ورد بینەوە و هەر چی بێبایەخ و پڕ و پووچە بەناوی هونەر و هونەرمەند دەرخواردی خەڵکی بدەین لام وایە ئەمکارە جگە لە بەگەوج زانینی خەڵک و خافڵ کردنیان لە مەبەستی ڕاستەقینەی هونەر شتێکیتر نییە. مەبەست ئەوە نییە کە هونەر نابێ جوانی و ناسکی و شۆخ و شەنگی نەبێ، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە هەر ئەو جوانی و شۆخی و ڕابواردنە دەبێ بە چەشنێکی داهێنەرانە پێشکەشی خەڵک بکرێ.

**مامۆستا جەنابت پتر سەبارەت بەکام یەک لە مامۆستایانی بواری ئەدەبی کوردی لێکۆڵینەوەت هەبووە؟ جیاوازییەکانی ئەوان لە شێوازی هۆنینەوە و پێکهاتی مەبەست دا لە چی دا دەبینی؟**

چونکە خۆم لایەنگر و هۆگری ئەدەبیاتی سەردەمم و لە بەر ئەوەی کە ناوی سێ چوار شاعیری نوێخوازی کورد هەمیشە لە کۆبوونەوە ئەدەبیەکاندا دەمبیستن دەکەوتمە پەیجوویی کە شێعرەکانیان وە دەست بخەم هەتا بیانخوێنمەوە شییان بکەمەوە. شێعرەکانی نەمران سوارە ئیلخانیزادە و مارف ئاغایی و ژێلا حوسێنیم خوێندەوە و وتارم لە سەریان نووسی. شێعرەکانیان باشن. ئەگەر چی ئەو تایبەتمەندییانەی لە شێعری سوارە دا چاوم پێیان کەوت لە شێعرەکانی دوانیتردا بەر چاو نەهات. هەم لە بابەت زمان و هەم لە بابەت نموود و وێنەکانیانەوە شێعری سوارەم پێ بەهێزتر بوو. لە بابەت فۆرم و مۆسیقاشەوە ئەویان دەوڵەمەندترە. ئەگەر کوو لە هێندێ لە

شێعرەکانی ئەویشدا شوێنەوارێک لە نەهێنی و شکوگومانە هونەرییەکان بەرچاو نایە و زۆر راشکاوانە دەیانەوێنێنەوە، بۆ وێنە شێعری (شار). بەڵام لە بەراورد لەگەڵ شێعری (خەوەبەردینە)دا دەبێ بێژم سوارە گەیوەتە ئەو پەڕی هونەری شاعیرییەوە. نەمران مارف و ژێلا بە پێی پێویستییەکانی رەوەندی کۆمەڵگای سەردەمی خۆیان و بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە کۆمەڵگای کورد لە حالی تێپەرکردنی کۆمەڵگایەکی گوندی بەرەو شارستانی بوو و بە پێی دژکردەوەی رەوەندی رووناکبیری تایبەتی ئەو سەردەم لە ژێر کارتێکەری مانا گەلێ شێعریان هۆندەوە کە تارادەیەک هەوێنی گشت رووناکبیران و قەڵەم بەدەستانی ئەو سەردەم بوو. دیارە مافی خۆشیان بوو. ئەوان لە سەردەمێک دا دەیاننووسی کە رەوەندێکی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا لە ئارادا بوو کە پێویست بوو ئەوانیش لە ژێر کارتێکردنی ئەوانەوە بن. بەڵام ئەوان هێشتاش ئەو ئەزموونەی سوارەیان لە هۆنینەوەی شێعردا نەبوو. ئەگەر چی دەکاری بێژین ئەوان لە روانگەیەکی بەربڵاوترەوە لە دنیا و کۆمەڵگای سەردەمی خۆیان و رەنگە فرەتر لە سوارە هەستیان بە گیروگرفتەکانی کۆمەڵگای سەردەمی خۆیان کردبێ. لە راستی دا دەکرێ بێژین ئەم شاعیرانە هەرسێکیان نوێخواز بوون. ئەمەش جێی سەرنجەکە ژیلا و مارف لە نوێخوازی دا تۆ فیرێکی هەرە زۆریان لە تەک سوارەدا هەیە. ئەوان خوازیاری نوێخوازییەک بوون کە بەرەی سەردەمی ئەوان یا نەختێ گەنجتر لە وان ئێستاش هەروا بەشوێنییەوەن. بەواتایەکیتر دەتوانین بڵەین هاوارێک لە دڵ و دەروونی ئەم بەرەیەن. لە حاڵێک دا سوارە بە شوێنگری لە بیرگەلە شێعری و رووناکبیری بەر لە شۆڕێش و دەشکرێ بێژین تا رادەیەک وەک شاعیرانی بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبر ئاهەنگی شۆڕشێکی رووە و رۆژهەڵات یا ئورووپای رۆژهەڵات دەژەنی.ئەو بەشوێن رەوەندێکی خەڵکییە کە سەرەتاکەی لە گوند یا لە راستی دا جووتیارانەوە دەست پێدەکا هەر بەم هۆیەوە ئەویش لە ژێر کارتێکردنی بیرو باوەڕ و شێوازی نیما یووشیچەوە رێگای گوند دەگرێتە بەر و هانا دەباتە بەر سروشتەوە. هەتا ئەوە کە خۆی دەڵێ: "و

پڕ بەگیانم حلوولی تەبیعەت بوو" لە شێعرەکانی سوارە دا سروشت لە ڕاستی دا شتێ جیا لە مرۆڤ نیە و بەڵکوو نموونەی زیندوو و بڕوادارەکان لە گەڕیان دان. هەوڵ دەدەن، یەکتر دەخوازن، ئاوێتەی یەکتر دەبن و لە ئاکام دا ڕووە و زەریا تێدەکشێن. زەریایەکی کە هیچ بەربەستێک ناشێ بەرهەڵستی ڕێگای بێ. بە هەر حاڵ گشتی ئەو واتایانە لە شێعری سوارە دا بە شارەزاییەکی تەواوەوە، لە قالبی وێنەگەل و نیشانە گەلێک دا بەکار براون کە هاوڕێ لەگەڵ مۆسیقایەکی ڕەوان و ئاهەنگ داری شێعری نیمایی، جوانی شێعرەکانی سوارە چەند هێندەیتر دەکا. دەکرێ بڵەین ئەوێش لە ڕیزی شاعیرانی بەرەی بەر لە شۆڕشی ئێرانە و کەمتر شاعیرانێک بوون کە لە سەردەمی ئەودا ئاوا هزر و بیرو شێوە نووسینێکیان نەبێ.

**مامۆستا وەکوو کەسێک کە ئەزموونێکی درێژ خایەنت لە ئەدەبی کوردیدا هەیە چ ئامۆژگارییەکت بۆ خوزیارانی ئەم بوارە هەیە؟**

بەڕێزم من ئەزموونێکی درێژخایەنم لە ئەدەبیاتی کوردیدا نیە و چووکتر لەوەم هەتا ئامۆژگاری دیتران بکەم، بەڵام وەک هۆگرێکی ئەدەبیات و کەسێکی کە بەوردی و سەرنجەوە شێعر گەلی کوردی دەخوێنمەوە ڕاسپاردەم ئەوەیە کە گشت درێژە پێدەرانی ئەم ڕێگایە بەر لە نووسین باش بخوێننەوە و لە نووسیندا بەلەز نەبن. واباشترە کەم بنووسن بەڵام چاکی بنووسن ئەگەر مەسنەوەی تا بە ئیمڕۆ هەروا زیندوو ماوەتەوە بە هۆی حەفتامەن بوونەکەیەوە نیە، بەڵکوو بە هۆی باشتر نووسینەکەیەتی هەر وەک شێکسپیر وتەنی "پۆخت وێژی ڕۆحی عەقڵە."